Digitally signed by www.kurdistannet.org
cn=www.kurdistannet.org, o=Kurdistan Net, c=US
Date: 2002.08.27 23:37:51 +01'00'
Reason: <none>
Kurdistan Net Neti Hemwane

# دەستپێشخەرییەکی ڕۆژنامەوانی

**حەمەسەعید حەسەن**

هێژایان:  نورەدین سەعید وەیسی، ڕێبوار کەریم وەلی و گۆران محەمەد کە سێ ڕۆژنامەوانی بوێری هەولێرنشینن، هەندێ جار ڕەخنەی ئەوەیان لە پدک گرتووە، کە نەک هەر لە بەعسییە بەدناوەکان خۆش بووە، بەڵکوو پۆست و کاری گرنگیشی پێ بەخشیون. لە تۆڵەی ئەو ڕەخنە دروستەدا ئاسایشی پدک، بەعس ئاسا ڕەوتاری کردووە، گوشاری خستووەتە سەر ئەو ڕۆژنامەنووسانە و تەنانەت جێگری بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر ڕۆژانی ٢١ تا ٢٦ی ٨ی ٢٠٠٢ ڕێبوار کەریم وەلی، زیندانی کردووە.

ئاسایشی پدک وەک ڕاهاتووە، دڕندانە ڕەوتار لەتەک لاوانی سنوورداشکراودا دەکا، نورەدین سەعید وەیسی ڕەخنەیەکی هێمنی(١) لەو ڕەوتارەی (ئەمن) گرتووە. ئەمنی هەولێر بەو ڕەخنە ڕەوایە بە جۆرێ ئاگری گرتووە، ئەفسەرێکی سەر بەو دەزگا تۆقینەرە، لە کۆڕێکدا کە وەزیری ناوخۆ قسەی بۆ خەڵکی هەولێر کردووە، بە نورەدینی گوتووە: تۆ تیرۆریستی.

لەو کێشەیەی نێوان ئەمن و ڕۆژنامەوانێکدا، برایەتی لایەنی یەکەمیانی گرتووە(٢) و  ڕێی نەداوە نورەدین سەعید وەیسی داکۆکی لە خۆی بکا. لەوانەیە برایەتی بەو کارەی دەستپێشخەرییەکی مێژوویی بۆ خۆی تۆمار کردبێ، ئاخر مەحاڵە ڕۆژنامەیەک لە پێناوی ڕاگرتنی دڵی ئاسایشدا، دڵی کارمەندێکی خۆی بە جۆرێ ڕەنجاندبێ، ناچار بووبێت، دەست لە کار بکێشێتەوە.

بژین ئەوانەی بە ڕەخنە لە کۆنەبەعسی گرتن، سەغڵەت دەبن و بەعسییانە ڕەوتار دەکەن.
مەرگ بۆ ئەوانەی ئەو (قۆناغە ناسکە) لەبەر چاو ناگرن کە (حکومەتە ساواکەمانی) پێدا تێپەڕ دەبێت!

٢٠٠٢/٨/٢٨

* برایەتی ٢٠٠٢/٧/٢٤ دوا لاپەڕە.
** برایەتی ٢٠٠٢/٨/٣ دوا لاپەڕە.